www.kurdistannet.org
14-12-2006 7:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆبوونەوەی سەرجەم ڕێکخراوەکانی سنووری شاری سلێمانی سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی بیکەر - هاملتن

لەدوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن، رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بانگهێشتی سەرجەم رێکخراوەکانی سنووری شاری سلێمانی کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو راپۆرتەو تاوتوێکردنی ئەو خاڵانەی کەپەیوەندییان بەبارودۆخی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی.

شایانی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بەنووسینی چەندین لافیتەی دژ بەو راپۆرتەو نووسینی یاداشتێك و گەیاندنی بەکونسولگەری ئەمریکا لەکەرکوك، دروستکردنی لیژنەیەك بەدواداچوونی ئەو یاداشتە، هەروەها لەکۆبوونەوەکەدا رێکخراوەکان دووپاتیانکردەوە کەدەنگی خۆیان وەکو پاڵپشتێك دەخەنە پاڵ لێدوانەکانی سەرۆك کۆماری عیراقی فیدرال و سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

هەروەها کۆبوونەوەکە لەبارەگای نووسینگەی سکرتاریەتی رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەڕێوەچوو.

تێبینی

ناوی رێکخراوە بەشداربووەکان.

ناوی رێکخراوە بەشداربووەکان

1- بزافی بەرەو مەدەنیەت

2- یەکێتی نابینایانی کوردستان

3- سەنتەری سلێمانی رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان

4- یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان.

5- یەکێتی ژنانی کوردستان.

6- یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان.

7- رابوونی خوێندکاران و لاوانی کوردستان.

8- بزافی خوێندکاران و لاوانی دیموکراتیخوازی

9- سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان.

10- رۆشنبیری پرژان.

11- دەستەی بزوێنەری ئەنجومەنی لاوان.

12- یەکێتی لاوانی دیموکراتی لەکوردستانی عیراق.

13- رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت

14- رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان.

15- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان.